# بەڵێ بۆ ریفراندۆم ... بەڵێ بۆ كوردستانێكی ئازاد و سەربەخۆ


رۆژنامەیەكی
سیاسی .. رووناكبیریی ئازادە

ژمارە(٢٨)
سەرەتای(ئاب)ی٢٠٠٣ ی زایینی –
بەرامبەر
ناوەڕاستی گەلاوێژی
٢٧٠٣ی كوردی
نرخی (٣) دینارە

یەكەمین ژمارەی لە ١٩٩٤/٨/١٥ دەرچووە

بەشێوەیەكی كاتی (١٥) رۆژ جارێك دەردەچێ — (١٢) لاپەڕەیە

AMRO A Free Cultural Political Newspaper — No: 28


لەم ژمارەیەدا :


-دوكان و مەسیف و سەری رەش بدەنەوە خەڵك ........
-ئەو رۆژە بەسەرچوو كەبابی برژاو بدەنە سەگەكانتا ن .. ... ..
-سەركردایەتی كورد و ئیستێك بەرامبەر تورك .......
-پۆلیسێك نەتەوەیەك شەرمەزار دەكات ... ...................
-هۆكاری نەزۆكی لە ژن و پیاودا ........................
-گرفتی (جنس) لەلای پیاوان ................................ل١٠.


(عودەی )و (قوسەی) بەڕیشەوە كوژران ،

## (صەدام)یش بێ سمێڵ خۆی حەشارداوە!



وێنەیەكی رۆژنامەی (ئێكسپرێس) ی سویدی .. (كوردستان نێت) بڵاوی كردەوە

دوای كوژرانی هەردوو كورەكەی دیكتاتۆری روخاو لەشاری موسڵ لەلایەن هێزەكانی ئەمەریكاو دەركەوتنی لاشەكانیان كە هەردووكیان بەمەبەستی گۆرینی دەموچاویان ریشیان هێشتبووەوە، سەرچاوە تایبەتەكان وارادەگەیەنن كە ئەگەر (صەدام)ی دیكتاتۆریش بەردەستی ئەمریكیەكان نەكەوتبێ لە حاڵەتی خۆ شاردنەوەدابێت، ئەوا بەمەبەستی ئاشكرا نەبوونی لەلایەن خەڵك هێزەكانی ئەمەریكاوە دەموچاوی خۆیگۆریوە و سمێڵی تاشیوە .. هەرئەو سەرچاوانە ئاماژە بەوەدەكەن كەصەدامی روخاو بەتاشینی سمێڵەكەی گۆرانكاری تەواو بەرەنگ روخساری دادێ، بۆ زیاتر پشت راستكردنەوەی ئەم هەواڵەش رۆژنامەی (ئێكسپرێس)ی سویدی لە ژمارەی مانگی نیسانی رابردوودا كە (كوردستان نێت) بڵاوی كردەوە لەسەرزاری پزیشكێكی تایبەتی (صەدام) كە ئێستا لەلای هاوپەیمانەكانە رایگەیاند كە رەنگە (صدام حسێن) بە مەبەستی خۆشاردنەوەو ئاشكرا نەبوونی سمێڵی بتاشێ (كە ئەمەش پێچەوانەی ئەو وێنە ریشدارانەی "صدام"ە كە لەلایەن پنتاگۆنەوە رۆژی هەینی رابردوو بڵاوكرایەوە)، ئەو پزیشكە كە نەیویستووە ناوی بۆ رۆژنامەكە ئاشكرابكات باس لەوەدەكات كە زۆرجاران نەشتەرگەری دەموچاوی بۆ (صدام)و هەندێ لەكەسە نزیكەكانی كردووە.

جێی باسە بەپێی سەرچاوەكانء ئاماژەكان لە كوژرانی (عودەی)و (قوسەی) رادەگەیەنرێ كە (صدام) بە هۆی پەیوەندی كردن بە كورەكانیەوەو دەبێ لە نزیكترین شوێنی رووداوی كوژرانەكەیان بوو بێ لەشاری موسڵ.

بەرپرسێكی پایە بەرزی كورد ،

## باخێك بە (٢,٥) ملیۆن دۆلار لەبەغدا دەكرێ !

*بەغدا– سەرچاوەی تایبەت:*

لەم دواییەدا یەكێك لەبەرپرسە پایەبەرزەكانی كورد لەبەغدا باخێكی بە (٢,٥)دوملیۆنءنیو دۆلار كری، ئەم باخە كە دەكەوێتە ناوچەی (گرێعات) لەتەنیشت (الجزیرە السیاحی)رووبەرەكەی (١٣) دۆنمء جۆرەها مێوەجاتی تیایە، ئەمە جگەلە فرۆكەخانەیەكی بچوكء مەلەوانگەوچەندین بەشی تر، شایانی ئاماژەبۆكردنە پێشتر ئەم باخە هی (عدنان خیراللە) بووەو دەوڵەمەندێكی خەڵكی بەغدا لێی كریوەتەوە كە تەنیا دەلالیەكەی (٤٠) هەزار دۆلار بووە **لەم بارەیەوە بابەتێك لەلاپەڕە (٤) بخوێننەوە.**

## عەلی باپیرو عەلی عبد العزیز لە پەیوەندییە گومان ئامێزەكانیان دەكۆڵرێتەوە

دوای ئەوەی كە لە مانگی رابردوودا لە رێگەی نێوان دوكان ـ سلێمانی، (عەلی باپیر) ئەمیری كۆمەڵەی ئیسلامی لەلایەن هێزەكانی ئەمەریكاوە دەستگیركرا، رۆژی ٢٠٠٣/٨/٢یش هێزێكی ئەمەریكا بە پاڵپشتی چەند فرۆكەیەكی هیلیكۆپتەر لە (هەڵەبجەی شەهید) مەلاعەلی عبدالعزیز رابەری بزوتنەوەی ئیسلامیو (١٤) كەسی تریان دەسگیر كرد، شایانی باسە دەنگۆی ئەوە بڵاوە كە ئەمەریكیەكان دەخوازن لە بنجء بناوانی پەیوەندییە گومانلێكراوەكانی حزبە ئیسلامیەكان بكۆڵێتەوە، بە تایبەتیش پەیوەندیان بەرێكخراوی (القاعیدە)، یان پەیوەندییە موخابەراتیەكانیان لەگەڵ جمهوری ئیسلامی ئێران. جێگەی ئاماژە پێدانە چاوەروان دەكرێ ئەمەریكییەكان لێكۆڵینەوە لەگەڵ كەسء لایەنی تریشدا بكەن. لەلایەكی ترەوە یەكێك لەسەركردەكانی كورد رۆژی ٢٠٠٣/٨/٧ بە رۆژنامەی (ئەلحەیات)ی راگەیاندووە كە (یەكێتی نیشتمانی كوردستان)هاوكاری تەواوی هێزەكانی ئەمەریكا دەكا بۆ لەناو بردنی ئیسلامیە توندرەوەكان بەتایبەتیش ئەوانەی لە پاكستانء ئەفغانستان بەفەرمانی (ئوسامە بن لادن) هاتونەتە كوردستان.

لەجیاتی سەرۆكێك بۆ ئەنجومەن لیژنەیەك دەست نیشان كرا..

## تاڵەبانی لە تشرینی دووەمی ئەمساڵ و بارزانیش لە نیسانی ساڵی داهاتوو سەرۆكایەتی وەردەگرن

دوای راوێژو گفتوگۆ بۆ دەست نیشانكردنء هەڵبژاردنی (سەرۆك) بۆ ئەنجومەنی حوكمی ئینتقالی عێراق، دواجار ئەنجومەن لیژنەیەكی هەڵبژارد بۆ بەرێوەبردنی عێراق لەماوەی دیاریكراوی داهاتوودا. ئەو لیژنەیەش لە (٩)كەس پێكهاتوون كە (٥)ی شیعەو دوو عەرەبی سوننەو (٢) كورد لە خۆ دەگرێ... بەپێی سەرچاوە نزیكەكان لە ئەنجومەنەوە ئەو (٩)كەسە یەك بەدوای یەك هەریەكەیان ماوەی مانگێك حوكمی ئینتقالی عێراق دەگرنە ئەستۆ. كە بەپێی پیتی ئەبجەدییەوە، بەم شێوەیە دەبێت:

١–ابراهیم الجعفری (شیعە) ئاب
٢–احمد الجلبی (شیعە) ئەیلول
٣–أیاد علاوی (شیعە) تشرین یەكەم
٤–جلال تاڵەبانی (كورد) تشرینی دووەم
٥–عبدالعزیز الحكیم (شیعە)كانونی یەكەم
٦–عدنان الباجەچی (سنی) كانونی دووەم
٧–محسن عبدالحمید (سنی) شوبات
٨–محمد بحر العلوم (شیعە) ئازار
٩–مسعود بارزانی (كورد) نیسان

بریاریشە ئەنجومەن وەزارەتەكان و لیژنەی دارشتنەوەی دەستوری عێراق پێكبهێنێت.

## :Kurdistan post

## لیستی ناوی بەكرێگیراوانی (بەعس)مان لەلایە كەلەناو هێزە كوردییەكانن!

## ئەمرۆ: هەقە Kurdistan post لیستەكە بلاوبكاتەوە نەك تەومژ بچێتە سەركەسانی تێكۆشەر

دوای روخانی رژێمی دیكتاتۆری بەعسء دەسكەوتنی هەزاران بەڵگەنامەو زانیاری موخابەراتی ئەو رژێمە، دەمێكە دەنگۆی ئەوە بڵاو بۆتەوە كە چەندین كادیرو بەرپرسی بەرز لەناو حزبە كوردییەكان پەیوەندییان بە موخابەراتی بەعسەوە هەبووەو جاسوسیان بۆ رژێمی گۆربەگۆر كردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ماڵپەری (Kurdistan post) ئەمەی وەكو هەواڵ بڵاوكردۆتەوە، بەپێی ئەم هەواڵە هەندێ لەو بەرپرسانە لە دەرەوەی وڵات مانگانە لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی رژێمەوە پارەیان بۆ خراوەتە سەر (كۆنتۆی بانكەكانیان). هەروەها ماڵپەری ناوبراو ئاماژە بەوەدەكا كەچەندین كەس هەن پلەی بەرزیشیان لەناو هێزە كوردییەكاندا هەیە، ئەمە جگە لەسەركردەی حزبێكی سیاسی كوردستانی.


ئێمە پێمان وایە بوونی پەیوەندی جاسووسی لە نێوان هەندێ بەرپرسانی كوردو رژێمی روخاوی بەعس شتێكی ئاساییەو لەناو شۆرشی گەلانی دونیاشدا ئەمە روویداوە، هەروەها بلاوكردنەوەی هەواڵەكە لە (كوردستان پۆست)یش كارێكی رۆژنامەنووسیی ئاساییە، بەلام ئەوەی كە ئاسایی نییە ئەوەیە كە دەبوو لەگەڵ هەواڵەكە لیستی ناوەكانیش بلاوبكرایەتەوە بۆ ئەوەی تەومژو گومان نەچێتە سەر كەسانی پاكء تێكۆشەریش كە بەراستی ئێستا ئەم حاڵەتە لە نێو خەڵكی كوردستاندا هەیە. بۆیە هەقە (كوردستان پۆست) چاوەروانی ئەمریكیەكان نەكاو ئەگەر خۆی لیستء بەڵگەنامەكانی دەست كەوتووە بلاویان بكاتەوە!

## ( ئەمرۆ ) دۆسییەی پەیوەندییەكانی (كورد و ئیسرائیل)هەڵدەداتەوە

**(دكتۆر مەحمود عوسمان) نزیكترین كەسی ئەو پەیوەندییە:**

## بارزانی مەبەستی بوو لە رێگەی ئیسرائیلەوە دەستی بگاتە ئەمەریكا

پەردەلادان لەسەر پەیوەندییەكانی سەركردایەتی كورد لەگەڵ ئیسرائیل، ئەگەر هەتا دوێنێش ئاسایی نەبووبێ بەهۆی باڵادەستی هەژموونی هەردوو جیهانی عەرەبیو ئیسلامي بەسەر كورد، ئەوا ئەمرۆ كارێكی ئاساییە .. بێجگە لەمەش مادام ئەم پەیوەندییە هەبووەو روویداوە، كورد خۆی لەكەناڵەكانی خۆیەوە باسی بكات باشترە لەوەی لەكەناڵێكی بێگانە بەشێواوی باس بكرێ. بۆئەم مەبەستەو بەم نەفەسە (ئەمرۆ) دۆسییەكی تایبەتی كردۆتەوە لەسەر پەیوەندییەكانی كورد بەئیسرائیلەوە... بروانە لاپەڕەكانی (٦–٧) كەبەشی یەكەمی ئەم دۆسییەمان لێ بڵاو كردۆتەوە.



## (شەریف عەلی) بەرگری لە (علوج) دەكات!

(شەریف عەلی بن حوسێن)ی سەرۆكی بزوتنەوەی دەستوری پاشایەتی لەعێراق لەدوایین هەڵوێستی خۆیدا لەبەرامبەر بارودۆخی عێراقء رژێمی روخاو لەدیدارێكی رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی بەرگری لە (محمد سعید سەحاف–علوج) وەزیری پێشووی راگەیاندنی رژێمی روخاو كرد. ئەمەو ناوبراو كە خۆی وەك كاندیدێكی پادشای عێراق بۆ ئایندەی ئەو ولاتە دەست نیشان كردووە، لەودیدارەدا زۆربە راشكاوانە دەڵێ: (سەحاف) وەزیرێكی لێهاتوو و ئەستێرەی درەوشاوەی شەرەكە بوو، هەروەها دەڵێ: دوای ئەوەی رژێمی عێراق روخا (سەحاف) بەتەنها مایەوە كەئەمەشیان هەڵوێستێكی نوێیە (شەریف عەلی) لەدرێژەی ئەو بەرگری كردنەی لەسەرانی رژێمی روخاو دەڵێ: من نامەوێ گوێ لەهیچ پروپاگەندەیەك بگرم چونكە دڵنیام لەوەی كە زۆربەی وەزیرەكانی رژێم وەكو فەرمانبەرێك بوونەو تاوانیان لە سەرنیە، بۆیە پێویستە وەكو ئەوانەی تر مامەڵەیان لەگەڵدا نەكرێ. جگەلەمەش (سەرۆكی بزوتنەوەی دەستوری پاشایەتی) بەو وەزیرانەی رژێمی روخاو دەڵێ: زۆربەیان نیشتمانپەروەرو دڵسۆز بووینە بەلام جەختء فشاریان لەلایەن رژێمەوە لە سەربووە.. هەروەها دەڵێ: ئەگەر ئێمەش لەجێگەی ئەوان بوینایە هەمان كردەوەو هەڵسوكەوتمان دەكرد..!

**خوێنەری بەرێز.. دەتوانی بۆئەم مەبەستە لاپەڕە (٢٨) ژمارەی رۆژی ٢٠٠٣/٧/١ی رۆژنامەی (الاتحاد)ی ئیماراتی بخوێنیتەوە!!**

## دیدگای ئەمرۆ

## (ئەمرۆ)ی دوێنێو (ئەمرۆ)ی ئەمرۆ

لەدوای راپەرینی ١٩٩١ (ئەمرۆ) وەك یەكەم رۆژنامەی ئەهلی ئازاد لە رۆژی ١٩٩٤/٨/١٥ یەكەم ژمارەی لێ دەرچوو، ئەو سەردەمە سەردەمێكی سەختء ناهەموارو زەمینە نەرەخساو بوو بۆ لەدایك بوونی رۆژنامەیەكی ئازادو ئەهلی لە هەمووبوارەكانی دارایيو سەقامگیر نەبوونی ئاسایشء ئالۆزی دۆخی سیاسیو دواتر شەرە یەك لەدوای‌یەكەكانی ناوخۆو .. هتد، هەرئەو هۆكارانەش بوونە مایەی دروست بوونی جۆرەها كێشەو كۆسپ لەبەردەم ستافی (ئەمرۆ)دا بەجۆرێك رووبەرووی چەندین فشار بووینەوە تا رادەی پێشێلكاریو دروست بوونی مەترسی زۆر لە سەر ژیانی ئەندامە سەرەكیەكانء هەندێ لەو نوسەرو رۆژنامەنووسانەی كەبەردەوام بەرهەمەكانیان لە (ئەمرۆ) بڵاودەكردەوە، هەندێ دامودەزگای ئەمنی كوردستان لە ئێمە باشتر ئاگاداری ئەم واقیعەن.

دیارە پچر پچری لەدەرچوون لەماوەی ساڵانی (١٩٩٤–١٩٩٨) كە (٢٧) ژمارەی لێ دەرچوو دواتریش وەستانی بۆ ماوەی (٥) ساڵ دەرەنجامی ئەم هۆكارانەی سەرەوە بوون. كەنامانەوێ بچینە ناو وردەكارییەكانی رابردوو. بەلام برینی ئەم رێگە سەختە (بەشانازییەوە دەڵێین) ئەو دەسكەوتەی لێ كەوتەوە، كە ئێستا دەبینین چەندین رۆژنامەو گۆڤاری ئەهلیو نیمچە ئەهلی دەردەچن كە زۆربەی قەڵەمە بەرێزەكانیان ئەم حەقیقەتە دەسەلمێنن كە (ئەمرۆ) لەسەردەمی خۆیدا تەوقی شكاندو بووە مایەی كردنەوەی دەروازەیەكی پێشكەوتنخوازانە لەدونیای رۆژنامە نووسیی كوردیدا.

(ئەمرۆ)ی رابردوو بەهەموو كەمء كورییەكانیەوە دەنگێكی هەقخوازانەی نیشتمانیو نەتەوەییو دیموكراتی بوو، (ئەمرۆ)ی ئەمرۆش لە سەردەمێكی نوێو لەكەشء هەواو زەمینەیەكی سیاسی نوێدا، بەزمانء نەفەسێكی نوێ دەردەچێتەوە، بەو هیوایەو پشت ئەستوور بەقەڵەمە كوردستانیيو پێشكەوتنخوازو بوێرەكان، بتوانین بەردەوامی بدەین بە خزمەت كردنء پێشخستنی رەوتی رۆژنامەنووسیی ئازادی كوردی.

## بەم زووانە ئەمرۆ لە ئینتەرنێت بخوێنەوە

سایتی تایبەتی ئەمرۆ لە ژێر كاركردندایە و بەم زووانە خوێنەران دەتوانن لە سەر تۆری ئینتەرنێت بابەتەكانی بخوێننەوە.. تا ئەو كاتەش بۆ پەیوەندی كردن و ناردنی بابەتەكانتان دەتوانن پەیوەندی بەم ناونیشانانەوە بكەن:

azadiamro@hotmail.com
farhadmala88@yahoo.com